# ڕێنمای میراتی
# ڕێگای بێڤەرلی



Hull City Council

Made possible with Heritage Fund

BEVERLEY ROAD

Fountain Road · Margaret St. · Terry St. · Cave Street · Park Lane · Pearson Avenue

## 10 کتێبخانەی باکوور (Northern Library)

ئەم بینایە لە ساڵی 1984 وەکوو کتێبخانەیەکی گشتی دروست کراوە، دیزاینەکەی لەڕووی بیناسازییەوە زۆر جۆراوجۆر و بێ وێنەیە. بزانە چەند تایتبەندیی بیناسازی دەتوانی لێرەدا بدۆزیتەوە.



## 11 خانووی پێندریڵ (Pendrill House)

ئەم بینا ناسراو و بەناوبانگە زۆرتر وەکوو لقێکی "بانکی پاشەکەوتی هاڵ ("Hull Savings Bank") دەناسرێت و وەبیر دەهێندرێتەوە کە لە ساڵی 1901 کرایەوە بۆخزمەت بە دانیشتووان و بازرگانی و کار و کاسپییەکانی ڕێگای بێڤەرلی (Beverly Road). کاتژمێرەکە دیارەکەی ناو برجەکەی بەم دواییانە چاک کراوتەوە (برج و برجۆکەکان سەردەمێک دیزاینێکی باوی ناوشاری ئێمە بوون). هەروەها بەردکارییەکەی کە بۆ دیکۆر و جوانی لێی درابوو، نۆژەن و چاک کراوەتەوە. لە ئەسڵ وسەرەتادا، تراسێک لە لای باکووری بیناکە دروست کرابوو بەڵام لە کاتی بۆردوومانەکانی شەڕی دووەمی جیهانی لەنێوچوو. شوێنەکە ئەمڕۆ کراوە بە فەزایەکی سەوز کە دەتوانن بیناکە ببینن کە بە کۆڵەکە و تەختەدار ڕاگیردراون.

## 12 وێسگەی ستێپنی (Stepney Station)

وێسگەی ستێپنی لە دەیەی 1850دا کرایەوە و لە سەرەتادا وێسگەیەکی پەیوەندی بوو بۆ ناوچەکانی دەوروبەری هاڵ و ناوەندی شاری بە ڤیکتۆریا دۆک (Victoria Dock)ـەوە و دواتریش خەڵکی ئاسایی هاڵ لەوێوە دەچوون بۆ شوێنە جوان و سەرنجڕاکێشەکانی کەناری دەریای ویزێرنسی (Withernsea) و هۆرنسی (Hornsea). شوێنەکە بەم دواییانە چاک و نۆژەن کراوەتەوە و تەرح و پلانە ڕەنگە ڕەسەن و ئەسڵییەکەی خۆیی لێدراوەتەوە و لە سەکۆی کۆنی باکوور (North Platform) پەیکەرمیەک دانراوە بۆ ڕێزلێنان لە کرێکارانی ڕێگای ئاسنەکە و ڕێبوارانی کۆنی قەتاری ئەم وێسگەیە. هێشتاش دەتوانن بە درێژایی هێڵی تایبەت بە پاسکیل و شوێنی پیادەڕەوی شوێنەواری ڕێگا ئاسنە کۆنەکە ببینن.

## 13 کاروانسەرای وێسگە (Station Inn)

هەر وەک لە ناوەکەی دیارە، دەتوانن پەی بەوە ببەن کە ئەم شوێنە سەردەمێک میوانداریی لە ڕێبوارانی وێسگەی شەمەندەفەری ستێپنی دەکرد. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ڕێگای ئاسنی شەمەندەفەرەکە ڕاستەوخۆ بەسەر لێواری ئەم کاروانسەرایەدا لە وێسگەی درایڤ (Station Drive) تێدەپەڕی؛ ئەم شوێنە لە بەردەم دەرگای دەرەوەیدا تابلۆی هۆشدار و ڕێنما و شوێنی پیادەڕەویشی هەبووە. دەرگا و پەنجەرە مێژووییەکان و بەشی دەرەوەی بێوێنەی کاروانسەراکە هەموو بە یارمەتیی بەرنامەی " پلانی میراتی دیمەنی شاری ڕێگای بێڤەرلی" (Beverly Road Townscape Heritage Scheme) چاک و نۆژەن کراونەتەوە.



## 14 هۆڵی گڵاد تایدینگز (Glad Tidings Hal)

هاوتەریبی ئەم بینایە لەگەڵ کەیڤ ستریت (Cave Street) نەوەک ڕێگای بێڤەرلی جێگەی سەرنجە؛ ئەم خاڵە وردە، زانیاری و سەرەداوی ئەسڵ و سەرچاوەی ئەم ناوچەیە دەدات، کە لادێیەکی بچووک بە ناوی ستێپنی (Stepney) بووە. هۆڵی گڵاد تایدینگز کە لە ساڵی 1849 وەکو کەنیسەیەکی پەیوەندیی نوێی میتۆدیست دروستکرا، دواتر پەرەی سەند و بوو بە هۆڵێکی نەرمڕەوی و خۆڕاگری کە کێبڕکێی لەگەڵ هۆڵ و ناوەندەکانی نزیکی خۆی لەسەر ئەم ڕێگایە دەکرد.

## 15 هۆتێلی ڕۆز (Rose Hotel)

لەگەڵ گەورەبوونەوەی زیاتر و زیاتری هاڵ لە سەرەتای سالانی 1900دا، ئەو شەقامانەی تەنیشت ڕێگای بێڤەرلی پڕ بوون لە کرێکار و خێزانی ئاسایی کە لە ڕیزە خانوویەکدا دەژیان. هۆتێلی ڕۆز لە ساڵی 1911 لەلایەن کۆمپانیای موورز ئەند ڕۆبسۆن (Moors' & Robson)ـەوە (وەکوو کاروانسەرای بوڵ (Bull Inn) لە بەرامبەر ڕێگاکە) نۆژەن و دروستکرایەوە، بۆ ئەوەی خزمەت بە کۆمەڵگەی ناوچەکە بکات. کاشیکاری چینی سەرنجڕاکێش و گومەزی گرد و پیازیشکل لە تایبەتمەندییەکانیەتی. ئێستا بووە بە شوقە و باڵەخانە، بەڵام هێشتا هێما مێژووییەکانی خۆیی هەر هەیە.

## 16 کاروانسەرای بوڵ (Bull Inn)

کاروانسەرایەک بۆ چەندسەد ساڵ لێرە بووە کە سەردەمێک پێیان وتووە جوانەگای زێڕین (Golden bull) (هەوڵ بدە بزانە دەتوانی تێبگەی بۆچی وای پێدەڵێن). ناوەکەی بە ئەگەری زۆرەوە لەوێوە وەرگیراوە کە حەیوان و پاتاڵ لەڕێگەی ستێپنی لەین (Stepney Lane)ـەوە دەهێندران بۆ ئەوێ بۆ لەوەڕ. کاروانسەرای بوڵ لە ساڵی 1903 بەشێوەیەکی بەزریقەوبریقەوە لەلایەن موورز و ڕۆبسۆن دروستکرایەوە؛ ئەوان کۆمپانییەکی بیرەسازی بوون کە تا دەیەی 1970 لەگەڵ "بیرەسازیی هاڵ" (Hull Brewery) کێبەرکێیان دەکرد.

## 17 خوێندنگەی ستێپنی (Stepney School)

ئەم خوێندنگە شەوانەڕۆژییەی هاڵ کە لە ساڵی 1886 دروستکراوە لەلایەن بۆتێریل و بیلسۆن (Botterill and Bilson) بە شێوازێک بەناوی "شاژنە ئەن" (Queen Anne) دیزاین کراوە (سەیری بکەن بۆ ئەوەی لەچکی و لەشەرە جوانەکان و برجۆکە هەشت لا زەنگۆڵەدارەکانی ببینن). لە ساڵی 1908 جێگەی زیاتر لە 1200 منداڵی هەبوو، بەڵام ئێستا بووە بە خوێندنگەیەکی سەرەتایی بە 200 خوێندکارەوە.

## 18 حەمامەکانی ڕێگای بێڤەرلی (Beverley Road Baths)

حەمامەکانی ڕێگای بێڤەرلی کە لە ساڵی 1905 سەرەتا وەکوو شوێنێک بۆ حەمام و خۆشۆردن دروست کراوە و کراوەتەوە نەک وەکوو ئەستێریکی مەلەکردن، تێکەڵەیەک لە شێوازە بیناسازییەکانی تێدا بەکار هێندراوە. سەرنجی گومبەزە سەوزە مسییەکانی سەر بانەکەی و کاشییە جوانەکانی "هونەری نوێ" (Art Nouveau) لە سەرەتای چوونەناوەوەی حەمامەکە بدەن کە لە لایەن کۆمپانیی کاشیی کامپبێڵ (Campbell Tile Co Ltd) دروست کراون.

## 19 ڕۆز ڤیلا و هۆتێلی دۆرچێستێر (Rose Villa and Dorchester Hotel)

ڕۆز ڤیلا ئێستا خانوویەکی چاودێریکردنە بەڵام لە سەرەتادا ڤیلای کلارمۆنت (Claremont Villa) بووە، خانووی بازرگانی خەڵووز و پەشم، ویلیام کرۆفت (William Croft). شەریک وهاوبەشی کاریی ئەو، هێنری کرۆفت (Henry Croft) لەبەرامبەری ئەو لەوبەری ڕێگاکە لە هۆتێلی دۆرشێستێر دەژیا، کە لەو کاتەدا 3 خانوو بوون: خانووی دۆرچێستێر (Dorchester House) ، لۆجی تامووۆرث (Tamworth Lodge)، و خانووی ستانلی (Stanley House). بیناکان لەبەر لەچکی و برجۆکە بەزریقەوبریقەکانی جێی سەرنجن، کە لەلایەن بێلامی و هاردی (Bellamy and Hardy) لە ساڵی 1861 و 1862 دروست کراون. دانیشتووانی دیکەی ئەم شوێنە بریتی بوون لە خاوەن کەشتییەکان، بازرگانانی دار، و دووکانداری بەناوبانگی ناوچەکە، ویلیام کوسۆنس (William Cussons).

## 20 پارکی پیەرسۆن (Pearson Park)

یەکەم "پارکی خەڵک"ی شاری هاڵ لە ساڵانی 1860دا بەلوتفی زاکاریا پیەرسۆن (Zachariah Pearson)، سەرۆکی پێشووی شارەوانیی هاڵ، کرایەوە کە زەویەکەی بە دیاری بەخشییە دانیشتوانی شارەکە. پارکەکە زۆرێک لە تایبەتمەندییە مێژووییەکانی خۆی پاراستووە، لەوانە دەریاچەی پێچاپێچ و "دەروازەی چوونەژوورەوە" (Entrance Gateway) ی مەزن، لە کاتێکدا ئەو دوو تایبەتمەندی خۆی کە لەدەستی دابوون – جێگای باند و گرووپی مۆسیقا و پردی دەریاچەکە – لەم دواییانەدا دروست کراونەتەوە. ئەمڕۆ سەردانکەران دەتوانن بەناو گوڵخانەکەدا بگەڕێن، چێژ لە بۆنە و ئاهەنگەکان وەربگرن لە جێگای باند و یاریگەی بۆلینگ، و چێژ لە خواردنەکانی "کیۆسکی ئایسکرێم" (Ice Cream Kiosk) وەربگرن.

ڕێگای بێڤەرلی (Beverley Road) یەکێ لە گرنگترین ڕێگا مێژووییەکانی شاری هاڵ (Hull)ـە، بەڵام هەندێ جار ئەو سەرنجەی پێ نادرێت. لە ڕاستیدا ڕێگای بێڤەرلی بۆ لانیکەم 700 ساڵە کە هەیە و لەم ماوە زۆرەدا مەکۆیەک بووە بۆ سافێرجێتەکان (لایەنگرانی مافی دەنگدانی پیشەسازییە کاریگەرەکانی شاری هاڵ بووە و ئیلهامی موزیکدانان، هونەرمەندان، نووسەران و کەسانی تر بووە.

لە سەدەی 19 و 20 دا ڕێگای بێڤەرلی وەکوو ناوچەیەکی کەناری شار بەخێرایی گەشەی کرد و پەرەی سەند. زۆربەی خانووبەرە و بینا مێژووییەکان کە ئەمڕۆ ماونەتەوە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دوو سەدەیە؛ لەوانەیش خانووە ئاساییەکانی ئەمڕۆ و بینا و باڵەخانە سەرنجڕاکێشە گشتییەکان. گەرچی لە هێرشە ئاسمانییەکانی شەڕی دووەمی جیهانی و گۆڕانکارییەکانی دوای شەڕ خانوو و بینایەکی زۆر لەم ناوچەیە لەنێوچوون، بەڵام هێشتا بیناسازی و مێعماریی مێژوویی و مێژووی کۆمەڵایەتی بە درێژایی ئەم ڕێگایە زۆر دەوڵەمەند و گەورەیە.


لە ساڵی 2015ـەوە ئەنجومەنی شاری هاڵ (Hull City Council) لەگەڵ دانیشتووانی ناوچەکە و خاوەن خانووەکان کاری کردووە بۆ ئەوەی میراتی "ناوچەی پارێزراوی ڕێگای بێڤەرلی" بپارێزن و چیرۆکەکانی بۆ بەرەکانی داهاتوو بگێڕنەوە. لەڕێگەی "پلانی میراتی دیمەنی شاری ڕێگای بێڤەرلی" و بە پشتیوانیی چالاکانی "سندووقی میراتی تیروپشکی نیشتمانی" و "تیروپشکی نیشتمانی" (National Lottery Heritage Fund and National Lottery)، پارەی یارمەتی بۆ نۆژەنکردنەوە، باشترکردنی ناوچە گشتییەکان، و بۆنە کۆمەڵگاییەکان دابین کراون.

بۆ زانیاریی زۆرتر و چیرۆکەکان تکایە سەردانی ئەو دوو ناونیشانەی خوارەوە بکەن:

**facebook.com/bevroadTH**

**twitter.com/bevroadTH**





Spring Bank

1

## 2 کڵێسای شەقامی ترافالگار (Trafalgar Street Church)

ئەم بینا سەرنجڕاکێشە تاقانەی هاڵ، کە لەساڵی 1904 هەتا 1906 لەلایەن جۆرج باینز و کوڕ (George Baines and Son)ـەوە دیزاین و دروست کراوە. ڕووکار و نما بەردە چەخماخی و وردەکاری و نەخشەکانی سەر خشت و سوفاڵەکەی و برجۆکە هەشت لایەکەی کردوویە بە بینایەکی ناوازە و بێ وێنە. لە سەرەتاوە وەکوو کڵێسایەکی تەوفن کار دروست کرا و ئێستایش ئەستێری تەوفنکردنەکەی لە ژێر تەرکی کڵێساکە ماوەتەوە و لە دیوی دەرەوە و ژوورەوە بە "هونەری نوێ" (یان ئار نووۆ) خەملاوە. ئەم شوێنە بەم زووانە دەبێتە شوێنێکی هونەریی کۆمەڵگا و دووبارە بۆ دانیشتووانی ناوچەکە دەکرێتەوە.

## 3 یورک باراد (York Parade)

یەکێ لە یەکەمین تراسەکانی دەرەوەی شار کە لە ڕێگای بێڤەرلی دروست کراوە؛ ئەم ماڵانە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی 1820 (کە دەکەونە ڕیزی هەندێک لەو خانووە سەرەتاییانەی کە هێشتا ئەمڕۆکەیش لەسەر ڕێگاکە ماونەتەوە). بەشێکی زۆری تراسە ئەسڵییەکە بە درێژایی کات یان خراپ بووە یان گۆڕدراوە بەڵام لێرە لە 53-55، کە سەردەمێک خانووی خاوەن خانووەکانی هاڵ بێڤەرلی بووە، هێشتا دەتوانی تایبەتمەندییە ڕەسەن و کۆنەکانی وەکوو ستوون و پەنجەرە شاشینە جوانەکان ببینیت.



## 6 خانووەکانی لایتاولەر (Lightowler Houses)

ئەم خانووانە کە بەم دواییانە نۆژەن و دروست کراونەتەوە ناوی خۆیان لە کۆمپانیایەکی ڕازاندنەوە و دێکۆراسیۆن وەرگرتووە کە پێشتر لەو ماڵانەدا دەژیان. لێرەدا سەرنجی ڕووکارە نەریتییەکانی باخچەکان و نەردەکان بدەن کە سەردەمێک تایبەتمەندییەکی سەر هەموو ڕێگای بێڤەرلی بوون. یەکێ لە بیناکانی ئێرە لە ساڵی 1944ـەوە "پارێزراو"ـە. بزانە دەتوانی پەیدای بکەیت کامیانە و بۆچی.





## 8 کڵابی وێڵی (Welly Club)

ڕێگای بێڤەرلی خاوەنی مێژوویەکی کولتووریی دەوڵەمەندە و زۆر لەمێژە ماڵ و ئیلهامبەخشی مۆسیقاژەنان و هونەرمەندان بووە. کڵابی وێڵی بە درێژایی ئەم ساڵانە میوانداری سەدان گرووپی مۆسیقا و ئەهلی کڵاب بووە؛ هەرچەند ئەو ماڵو شوێنی جلشۆری، خانووی شەخسی و بیمارستانیش بووە. لە پەنای بیناکە سەیری سەرەوەی ویڵینگتۆن لەین (Wellington Lane) بکە و ئەو تەختەبەردەی کە مێژووەکەی تێدا نووسراوە ببینن.

### مۆڵەتی بەکارهێنانی وێنەکان

وێنەکان بە ئیزنی بەڕێز ئیان گۆڵدثرۆپ (Ian Goldthorpe)، هووتۆن پرێس (Hutton Press)، و مووزەی ماڵی ویڵبێرفۆرس (Wilberforce House Museum): مووزەکانی هاڵ (Hull Museums) دووبارە دروست کراونەتەوە.



Trafalgar St.

2 3 4 5 6 7 8 9

# BEVERLEY ROAD

Norfolk Street

Strand Close

Harley Street

Somerscales Street

## 1 ڕێگای بێڤەرلی (Beverley Road)


ڕێگای بێڤەرلی ئێستا لێرەوە دەست پێ دەکات، بەڵام زەمانێک بوو کە لە ڕێگەی دەروازەی بێڤەرلییەوە دەگەیشت بە ناوەندی شاری هاڵ، هەر ئەو دەروازەی کە لە ساڵی 1642 شا چارلیی یەکەم ڕێگەی پێنەدرا لێوەی بچێتە ژوورەوە. لەو کاتەدا، ڕێگای بێڤەرلی ڕێگایەکی پێوەندیی ناوچەیەکی لادێیی بوو کە زەوی کشت و کاڵ، زەل و زۆنگاو، و کوێرەدێ و لادێ دەوریان دابوو نە ئەو شارە درەوشاوە و پڕهاتووچۆ و شەقامە گەورانەی کە ئەمڕۆ دەیبینین.



## 4 ڕیزەدووکانی برانسویک (Brunswick Arcade)



ئەم ڕیزە دووکانە هەرگیز ڕاستەبازاڕێکی ئاسایی نەبووە. بەس بۆ ئەوەی بزانن کە ڕووکاری ڕیزە دووکانەکە چەندە مەزن بووە لەسەر شمارەکانی 54 – 52a سەیری ڕێکەوت و مێژووی نووسراوی سەر بەردەکان و ئەو نمایە بکە کە بەم دواییانەنۆژەن کراوەتەوە. ناوی ئەم ڕیزە دووکانە لە بنەماڵەیەکی نزیک ئەوێ، ماڵی برانسویک ، خانووی هێنری بلاندێل، وەرگیراوە کە کارخانەی ڕەنگەکەی لەسەر گۆشەی ڕێگای بێڤەرلی و سپرینگ بانک هەڵکەوتبوو و زۆر ناسراو بوو.



## 5 ڕیزەماڵی گرانڤیڵ (Granville Terrace)

ئەم ڕیزەماڵە کە لە دەیەی 1860 دروست کراوە، نوێنەر و نیشاندەری شێوە ژیانی چینی مامناوەند بەرەو سەری کۆمەڵگای سەدەی 19 ی دەورووبەری شاری هاڵە. ئەو بنەماڵانەی لیرە ژیاون ئەوەندە دەوڵەمەند بوون کە چەندین خزمەتکاریان هەبووە و تۆمارە مێژووییەکان پێمان دەڵێن کە دانیشتووانی ئەم ڕیزەماڵە بریتی بوون لە بازرگانان و دەریاوانان. کە سەردانی ئێرەتان کرد، حەتمەن وردەکارییە تایبەتە مێعماری و بیناسازییەکانی پەنجەرە شاشینەکان کە بە تێمی میوە نەخشێنراون و ڕووکارە نەریتییەکانی باخچەی دەورووبەری شار ببینن.

## 7 ماڵی گرۆسڤێنۆر (Grosvenor House)

پێشتر 102 ڕێگای بێڤەرلی (Beverley Road 102) خانوو و شوێنی کاری دوکتۆر ماری مردۆک بووە کە یەکەم پزیشکی گشتیی ژنان لە هاڵ و هۆگر و لایەنگرێکی دیار و ناسراو بوو بۆ مافی دەنگدانی ژنان. دوکتۆر مردۆک ئەم شوێنەی بەکار هێنا و خوێندنگەیەکی بۆ ژنان ڕێخست، بۆ مافی شەڕی کرد، و یارمەتی پزیشکیی بۆ کەسانی ئاسایی هاڵ دابین دەکرد. ئەو هەروەها یەکەم ژنی هاڵ بووە کە متۆڕێکی هەبووي و لێیخوڕیوە.



## 9 شانۆی وێنەی نیشتمانی (National Picture Theatre)

داروپەردوو و وێرانەی شانۆی وێنەی نیشتمانی کە یەکێکە لەو کەمتر شوێنانەی کە لە بۆمبارانی ئینگلاند ماوەتەوە، بەشێکی بەنرخ و ناوازەی مێژوویی ناوخۆیی و نیشتمانی و نێودەوڵەتي بەرچاوی ئێمەیە. لە مانگی مارچی ساڵی 1941 لە کاتی بۆردومانێکدا سینەماکە کرایە مەبەست، بەڵام خۆشبەختانە هەر 150 مشتەریەکەی ناوەوە لە هۆڵەکەی ناوەوە پەنایان گرت و ڕزگاریان بوو. ئەم وێرانە دەپارێزرێت، و شوێنەکەش دەکرێتە فەزایەکی بیرەوەری و پەروەردەیی کە تەرکیزی لەسەر ئەزموونە مەدەنییەکانی جەنگی جیهانی دووەم دەبێت.